# هاووڵاتیانی پلەیەکی عێراق

رێبوار کەریم وەلی

ساڵی ١٩٩١، لەسەروبەندی راپەڕین، کورد بێ گوێدانە یەکێتی خاکی عێراق نەك داوای پارچەیەك، بگرە داوای هەر چوار پارچەی کوردستانیان دەکردو، ئەوانەیش کەدڵیان بەوەندەی کەهەبوو ئاوی نەدەخواردەوە، دەچوونە پاڵ PKK وله (سهل البقاع) ە وە هەوڵیان دەدا بەزەبری دەرزیو داوی پان کوردیزمی ئاپۆ هەر چوار پارچە لێك بدورن. ئەمەریکامان لەناو بوو، پشتمان ئەستور بوو!

(میری) کە بەمەی زانی ئاورێکی لێ داینەوەو هەر ئەوەندەمان زانی لەئێرانین، دوایی کە گەڕاینەوە خۆمان لەسەر مێزی مفاوەزات دا دیتەوە. سەددام سیحرێکی خوێندو ئەوراقی کورد هەڵگەڕانەوە، لەکوردستانی سەربەخۆوە هاتینە سەر ئۆتۆنۆمی راستەقینە، کەئەمەشی نەدا گوتمان قەیناکا لەپێناو یەکێتی خاکی عێراقدا ناڕاستەقینەکەشی هەر دەبێ، کەچی ئەویش نەمابوو. کەزانیان هیچ نەماوە لەبەر خاتری یەکێتی خاکی عێراق گوتمان نەدەوڵەت و نە ئۆتۆنۆمی (عادیو ئەسڵی) . بگرە فیدرالی.

دە ساڵی رەبەق بەسەر ئەمەدا تێپەڕیو خۆ بەخۆ حەشرمان بەیەکتری کرد نەك لەسەر ئەوەی داواکانمان جیابوون، بگرە لەپێناو یەکێتی خاکی عێراق! ئەو یەکێتیەی عێراق لەبیری چۆبۆوەو برا تورك و ئێرانیەکان (خوا جەزایان بداتەوە) وەبیریان دێنایەوە. لەدواساتەکانی نەمانی رژێمدا پرۆژەیەکی فیدرالیمان خستە بەر دەست و لەپێناو یەکێتی خاکی عێراقدا چاو پۆشیمان لەدەوڵەتی کوردیو سەربەخۆیی کوردستان کرد. لەو پرۆژەیەدا کەرکوك پایتەختی کوردستان بوو، کەچی دیسان لەپێناو یەکێتی خاکی عێراق وازمان لەوێش هێناو کردمان بەشارێکی عێراقی. ئینجا دەستمان لەفیدرالی لەسەر بنەمای نەتەوەیی هەڵگرت و کردمان بەئیداری، نەئالاّ و نەکەرکوك و نەکوردستان، تەنها لەپێناو یەکێتی خاکی عێراق!

# ١ ساڵ دوای لێدانی عێراق

لەبەر خاتری یەکێتی خاکی عێراق. وازمان لەفیدرالیەتیش هێناو بەئۆتۆنۆمی رازین (ئەسڵیو عادی فەرقی نییە. .(.

# ٢ ساڵ دوای لێدانی عێراق

هەست دەکەین وا خەریکە عێراق پارچە پارچە دەبێ، بۆیە لەپەرۆشیمان بۆ عێراق و یەکێتی خاکەکەی تەنها ئەوەندەمان بەسە کەدان بەبوونی نەتەوەی کورد بەپێی دەستوری ساڵی ١٩٣٢دا بنێن و ئەگەر کرا کوردێك نائیبی سەرۆك و یەك دووانێکیش وەزیرو مەزیر بن.

# ٣ ساڵ دوای لێدانی عێراق

نائیب و مائیبیشمان ناوێ، تەنها ئەوەندەمان بەسە یەك دوو پارێزگاو مدیر ناحیە کورد بن و بۆمان هەبێ بەجلی کوردیو کلاو جامانە لەبەغدا بسوڕێینەوە.

# ٤ ساڵ دوای لێدانی عێراق و رۆیشتنی ئەمریکاییەکان

لەبەر خاتری یەکێتی خاکی عێراق، هیچمان ناوێ، تەنها بەهاووڵاتیی پلەیەکی کۆماری عێراق لەقەڵەممان بدەن بەسە! تکایە هاوکات فێری دشداشە لەبەرکردن و عەگاڵ بەستنمان بکەن.

* * *

ئەنجامگیری ئەخلاقی: ئەمریکا بێ ئەخلاقە!

**ئەنجامگیری مێژوویی: اسامه بن لادن پیاوی چاکە!**

**ئەنجامگیری نەتەوەیی: ئەی رەقیب هەرماوە قەومی. . !**

**ئەنجامگیری جوگرافیایی: لم یلد ولم یولد. . !**

**ئەنجامگیری شۆڕشگێڕانە: بالەنوکەوە دەست پیٚ بکەینەوە!**

rebyar2001@yahoo.com

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت